# بەفرگری سەردەمی دیجیتاڵی

هەموو ئامێرێکی ئەلکترۆنی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لە تەلەڤزیۆن و مۆبایلەوە بگرە هەتا دەگاتە بەفرگر و جلشۆر.. هەرچەندە گۆڕانکارییەکان بەوە ناوەستن و لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانکاری زیاتریش دەبیندرێت.. کۆمپانیای LG نوێترین بەفرگر (سەلاجە)ی بەرهەم هێناوە کە بە سیستەمی door-in-door واتە دەرگا لەناو دەرگا ناسراوە.. گرنگترین بەشی ئەو بەفرگرانە بەشی پاڵاوتنی ئاویەتی.. بەفرگرەکە کاتێك ئاوێکی تێدەنێی بۆ ساردبوون، جگەلەوەی ساردی دەکات، بە سیستەمی زۆر پێشکەوتووی پاڵاوتنیشدا تێپەڕ دەبێت.. سیستەمی پاڵاوتنەکە بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت، بەهۆیەوە گەردیلەی بچووکتر ٠,١ مایکرۆش لەناو دەبات.. سیستەمی پاڵاوتنەکە، کێلسی ناو ئاو، مادەی کانزایی قورس، گەردیلە و باکتری ئاو لەناو دەبات و ئاوێکی پاك و زوڵاڵت پێدەبەخشێ، دواى ئەوەش سیستەمی لابردنی بۆنی ناخۆشی ئاوشی هەیە، ئاوەکە تەنیا سارد ناکات بەڵکو دەیکات بە پارچە سەهۆڵی ورد، بەکارهێنەر دەتوانێ ئاوەکەی چەند سارد بێت و پلەکەی چەند بێت دیاری بکات، یان حەز دەکات سایزی پارچە سەهۆڵەکان دیاری بکات..

سەلاجەکە لە چوار بەش پێکهاتووە، هەرکامیان سەربەخۆ دەکرێنەوە بۆ ئەوەی کە هەوای ساردی ناو بەفرگرەکە بە فیڕۆ نەڕوات.. بەفرگرەکە بە چەند بەش دابەش بووە، وەك بەشی گۆشت و، بەشی میوە، بەشی خواردەمەنی وەك ماست و پەنیر و شیر.. بەشی دەرمان و..تاد، هەتا تێکەڵ پێکەڵییەك لە دانانی کەلوپەلەکان نەیەتە پێش..



## مایکرۆسۆفت کیبۆردی تایبەت بـ



ئامێری گەیمی دیجیتالی هەرچەندە لەسەرەتای بەرهەم هاتنیانەوە تاکو ئێستا زیاتر لە دەسکی گەیم کە بە (جویستیك) ناسراوە سوودیان وەرگرتووە، بەڵام لەمساڵدا هەم پلەی ستەیشن و هەم ئێکس بۆکس وان بوونەتە خاوەن کیبۆردی خۆیان، رەنگە زیاتر بۆ ئەوە بێت کە بتوانرێت هەم لە کۆمپیوتەر و هەم لە ئامێرە گەیمیەکان سوود لەو ئامێرانە وەربگرن..

کیبۆردی تایبەتی ئێکس بۆکس وان ناوی Xbox one chatpadە، کیبۆردەکە دەتوانرێت لەبەشی خوارەوەی ئامێرەکە دابنرێت، هەندێك لە دوگمەکان دەتوانرێت پرۆگرامی تایبەتیان بۆ دابندرێت بەکارهێنەر دەتوانێت لەکاتی یاری کردنیشدا هەندێك کورتە پەیام بۆ بەرامبەرەکەی بنێرێت.



## نـەوەی دووەمـی بازووب

نەوەی دووەمی بازووبەندی هۆشمەند واتە smartband2 لەلایەن کۆمپانیای سۆنییەوە خرایەڕوو، لەم ڤێرژنەدا هەندێك گۆڕانکاری و توانای دیکە بۆ بازوبەندەکە زیاد بوونەوە، وەك زۆربەی بازوبەندە سمارتەکان زۆرتر خزمەتگوزارییەکانی تایبەتن بە وەرزش و کەمکردنەوەی کێش، جگە لەوەش گرنگییەکی زۆر بە تەندروستی دراوە، وەك پێوانی لێدانی دڵ


## ـــــۆ ئێکس بۆکس وان بەرهەم دێنێ



## سپیکەرێک وەک ریمۆت کۆنترۆڵ سوودی لێوەردەگیرێت



سـۆنی لەم ماوەیـەدا جۆرێك لە سـپیکەری بە ناوی SRS-LSR100 بەرهـەم هێناوە تایبەتـە بە تەلەڤزیۆن و دوو ئەرك ئەنجام دەدات، هەرچەندە پێشـووتریش سۆنی جۆرێك لـە سـپیکەری بەرهەم هێنابوو کە لە سـپیکەر و گلۆپ پێکهاتبـوو، بەڵام بڵندگۆ نوێیەکـە دەکرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنیش سوودی لێوەربگیرێت. پەیوەندی نێوان سـپیکەر لە ڕێگای دینگڵێکەوە ئەنجام دەدرێت، دوگمەیەکـی گەورە لەسـەرووی بڵندگۆکەیە کە جگە لـەوەی دەنگەکە ڕێك دەخات، بە داگرتنی بۆ لای خوارەوە دەتوانێت دەنگەکە بکوژێنێتەوە.

## کێبڵێک ئەرکی میمۆریش ئەنجام دەدات

هەندێـک لـە مۆبایلەکان، بـۆ نموونە مۆبایلـی ئایفۆن و گەلەکسی ٦ و چەند مۆبایلێکی دیکەش میمۆریان ناچێتەسەر، بەکارهێنـەر دەبێت تەنیا بەقەد میمـۆری ناوخۆی مۆبایلەکان پرۆگـرام و داتا و وێنە و ڤیدیۆ..تاد، بخاتە سـەر مۆبایلەکە.. ئـەدی ئەگەر میمۆرییەکـە پڕ بوو دەبێت چ بـکات؟ زۆر لە بەکارهێنەران ناچارن هەندێك لە شتەکانی ناو مۆبایلەکە بسڕنەوە بۆ ئەوەی کە شـتی نوێتر دابنێن.. بەڵام کۆمپانیایەکی تایوانی کێبڵێکی تایبەتی بەنـاوی memories cable تایبەت بە ئایفۆن بەرهـەم هێناوە کێبڵەکە میمۆرییەکـی ١٢٨ گیگابایتی تێدایە و کاتێك کە بە مۆبایلەکەوە پەیوەنـد دەدرێت بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتییەوە دەتوانی پرۆگرامەکانی سـەر میمۆرییەکە بکەیەوە یان پرۆگرامی دیکەی تێدا خەزن بکرێ..



## ـــــەندی هـۆشمـەنـد

بە شێوەی زۆر پێشکەوتوو، هەروەها چۆنییەتی کەمکردنەوەی سـترێس و دڵەراوکێ، ئاگادارکردنەوە بۆ کاتی ئاو خواردنەوە و وەرزشـی یۆگا.. لە هەمووی گرنگتـر بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە لەهاتنی کورتەپەیام و ئیمێلەکان بە هەردوو شێوازی لەرینەوە و هەڵبوونی گڵۆپەکانی.. شەحنەکەی هەتا دوو ڕۆژ دانابەزێت..



# هەر جارە و وەڵامی

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت، چۆن لەکاتی تایپ کردنی بابەتێکی عەرەبیدا هێماکانی ڕێنووسی عەرەبی وەك (ضمه، فتحه، کسره) دابنێم، بەتایبەتی بۆ ئەو کاتانەی کە نیازمە ئایەتێکی قورئان بێ هەڵە وەك خۆی بنووسمەوە..**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامێکی بچووك کە بە پرۆگرامی wordەوە پەیوەست دەکرێت بەناوی Quran in word هەیە دەتوانی لە ئینتەرنێت دایبەزێنی و لەسەر شریتی wordەکەت زیاد دەبێت، لەودا بە ئاسانی هەر ئایەتێکی قورئان کە مەبەستتە بە هەموو هێماکانی و بە فۆنتی تایبەت بە قورئانەوە بنووسی.. بۆ بابەتی دیکەی عەرەبیش دەتوانی لە دوگمەکانی لای چەپی کیبۆرد بە داگرتنی دوگمەی shift هێماکانی ڕێنووسی عەرەبی دابنێی..

# سپیکەری هۆشمەندی سۆنی دیزانێکی جوان و دەنگێکی کەم!

داری دیجیتاڵی نوێ هەر ڕۆژە میوەیەکی نوێ دەگرێ، هەر ڕۆژە داهێنانێك دەکەوێتە بازاڕەوە، داهێنانەکانی ساڵی ڕابردوو دەکەونە ئەرشیفەوە.. سۆنی بە بەرهەمهێنانی سپیکەرێکی نوێ مەبەستییەتی ئەزموونێکی نوێ تاقی بکاتەوە، سپیکەری هۆشمەندی سۆنی، ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدات، کاتژمێر، بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و گۆرانی، نیشاندانی کەش و هەوا جێبەجێکردنی فەرمانەکان بە دەنگ...تاد.

سپیکەرە نوێیەکەی سۆنی کە بە BSP٦٠ ناسراوە، جگە لەو ئەرکانەی ئاماژەمان پێدان ستایلێکی جوانی هەیە و بە بڵاوکردنەوەی ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ گۆرانی و مۆسیقاکان دەخاتە سەما و چێژێکی دیکە دەبەخشێ بە بیسەر.. کێشی سپیکەرەکە ٣٥٠ گرامە و تیرەکەشی ١٠ سمە، بەڵام خاڵی لاوازی کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێبکرێ، کوالیتی دەنگیەتی، کە لەگەڵ ئەوەی چەند ئەرکی دیکە ئەنجام دەدات، کوالیتی دەنگی لە خوارێیە وەك سپیکەرێکی ئاسایی دەچێت.. سۆنی ئەوەندەی گرنگی بە دیکۆر و ستایلەکەی داوە، گرنگی بە کوالیتی دەنگی نەداوە..






# ئامێرێکی دیجیتاڵی بۆ وازهێنان لە جگەرە


جگەرە ئەوانەی بە تامەزرۆییەوە دەکێشن و ناتوانن وازی لێ بێنن، بە ئاواتیشن و هەوڵێش دەدەن کە واز بێنن، زۆر ڕێگا تاقی دەکەنەوە و زۆر شێواز بەکار دێنن بۆ وازهێنان لە جگەرە، بەڵام جگەرە کێشەکان باش دەزانن جگە لە ئیرادەی بەهێز هیچ شتێك ناتوانێ وازیان پێ لە جگەرە بێنێ و تەنانەت ئەو ئامێرەی کە ئێستاش باسی دەکەین تەنیا تاقیکردنەوەیە..

Nicotarx ئامێرێکە بۆ واز هێنان لە جگەرە، ئەو جگەرەی ئەلکترۆنی نییە، بەڵکو پاکەت یان قوتووە جگەرەیە، جگەرەکێش جگەرەکان لەناوی دادەنێ و هەرکاتێك بەکارهێنەر جگەرەیەکی دەرهێنا جەرەس لێدەدا و پەیامێك بۆ ئەو پرۆگرامە دەنێرێ کە لە مۆبایەکەیدا دایناوە و ڕێژەی ئەو جگەرانەی کێشاونی تۆمار دەکات لەگەڵ زانیاری لەبارەی جگەرە و شوێنی کێشانی جگەرەکە، جگە لەوەش هەرکاتێك جگەرەکێش نیازی هەبێت جگەرەبکێشێ، لە مۆبایلەکەیدا ئەلبۆمەکە دەکاتەوە و بەوە جگەرەکێشەکە دەخافڵێنێ، یان جار جار، وتەی جوان و پەیامی زۆر گرنگ و کاریگەر و زانیاری بەسوود لەبارەی نەکێشانی جگەرەوە لەسەر مۆبایلەکەی نیشان دەدات..




## بۆ زانیاری لە بارەی هەر ئامێرێک سەر لەو سایتە بدە

حەز دەکەی بزانی ئۆتۆمبێل چۆن کار دەکا؟ فڕۆکە چۆن دەفڕێ، ئامێرە گەورە و بچووکەکان سیستەمی کارکردنیان چۆنە؟ بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی سەر لە سایتی http://www.howstuffworks.com/ بدە، لەم سایتەدا لەبارەی هەموو ئامێرەکان زانیاری بەدەست بێنە، هەزاران وتاری لەسەر چۆنییەتی کارکردنی ئامێرەکان تێدایە، جگە لەوەش بە هەزاران گرتە ڤیدیۆیی چۆنییەتی کارکردن ئامێرەکان دەتوانی سەیر بکەی.. لەم سایتەدا زانیارییەکان ریزبەندی کراون، دەتوانی ئەگەر بۆ مەبەستێکی تایبەتیش بگەڕێی لە بۆکسێکدا کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە سێرچ و بە دواداگەڕان بکە..



## تەبلێتێک لە مەیدانی شەڕدا!

کۆمپانیای dell لەم دواییەدا تەبلێتی جۆری latitude ١٢ی بەرهەم هێناوە، شاشەکەی نزیکەی ١٢ ئینجە، ئەم تەبلێتە بۆ ئەو کەسانە دەگونجێت کە لە سوپا و مەیدانی شەڕدا کار دەکەن، یان ئەو کەسانەی لە کاری پیشەیی وەك ئەندازیاری لە شوێنە بەرزەکان ئەنجام دەدەن، یان ئەو وەرزشوانانەی کە بە چیا سەرکەشە و شوێنە رژد و هەڵدێرەکاندا هەڵدەگەڕێن، زۆر گونجاوە. ئەم تەبلێتە ئاوی تێناچێ، تۆز و خۆڵ لەخۆی ناگرێت.

شاشەی تەبلێتەکە بەجۆرێك دیزاین کراوە بەکارهێنەر دەتوانێت لە ژێر تیشکی راستەوخۆی خۆردا و بە پەنجەوانەش کاری پێبکات. جگە لەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێدان، تەبلێتەکە لە کەش و هەوای زۆر گەرم و زۆر ساردا تووشی کێشە نابێت و بەباشی کار دەکات، رامی تەبلێتەکە ٥١٢ گیگابایتە، پرۆسیسەری جۆری core-Xی هەیە و سیستەمی ویندۆ ٨,١یشی دەچێتە سەر، باترییەکەی گەر بەردەوام کاری پێبکرێت هەتا ١٢ کاتژمێر دانابەزێت.



## پرۆگرامێک بۆ داونلۆد کردن

پرۆگرامێك گەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە دابەزاندن واتە دانلۆد کردنی پرۆگرام و فیلم و بابەتەکان لە ئینتەرنێت.. ناسراوترین پرۆگرامیان، پرۆگرامی internet download manager ، بەڵام جگە لەوەش زۆر پرۆگرامی بەسوودی دیکە هەن یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی EagleGetە، ئەم پرۆگرامە خێرایی داونلۆد ٦ قاتە.بە ئاسانی ڤیدیۆکانی یوتیۆب دەتوانی دابەزێنی و وەك پرۆگرامی داونلۆد مەنجەر لەکاتی نەمانی هێڵی ئینتەرنێتیشدا دواتر دەکرێت درێژە بە دانلۆدەکە بدەی. لەگەڵ گشت سیستەمەکانی ویندۆزیش دەگونجێت.